هێزەکانی سنوور دەستگیرکردنی 22 دزێپێکەری ئاسیایی لە سلێمانی راگەیاند

بەتەمەتی بەزاندنی سنور هێزەکانی فەرماندەیی سنوور دەستگیرکردنی 22 دزێپێکەری ئاسیایی لە سلێمانی ڕاگەیاند.

فەرماندەییەکە لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند : لە چوارچێوەی ئەرکەکانی فەرماندەیی هێزە سنووریەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەی حاڵەتەکانی دزەکردن و قاچاخچێتی، فەوجی سێیەم لە لیوای سێی سنووری لە چوارچێوەی فەرماندەیی سنووری هەرەمی یەکەم توانیویانە (22) دزەکار دەستگیربکەن کە ویستوویانە بە نایاسایی لە سنوورە ئیدارییەکانی سلێمانی سنوور ببەزێنن.

ئاماژەی بەوەشکردووە : ڕاپۆرتەکی فەرمی ئامادەکراوە و ڕەوشەنی یاسایی پێویست لە دژیان گیراوەتەبەر.